# شاندێکی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاری دەکا



کــاتژمێر 11ی رۆژی پێــنج شــەممــە، ڕێکــەوتــی 2009-4-9 شاندێکی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردســتان کــە پێکهــاتبوو لــە هاوڕێیان شوان شێخانی سکرتێر، عەبدولقادر حەمەدئەمین ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هێرش کاکەبرا بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و سۆران ئەسوەد ئەندامی سەرکردایەتی، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانیان کردو لەلایەن هەڤاڵان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، حوسێن حەسەن ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و حەکیم عەلی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بەرگەمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی دۆستانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا کە بڕیار وایە لە مانگەکانی داهاتوودا بەڕێوە بچێ. هەردولا هاوڕامان بوون کە فرەلیستی جۆش و خرۆشێکی باش بە هەڵبژاردن و ڕێژەی بەشداریکردن لە دەنگداندا دەکات.

# سێ گرفتی گەورە ڕێگری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەفتەنامەی 'ڕۆژی گەل'ی راگەیاند کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە شیمانەی زۆرەوە لەمانگی حوزەیرانیش بەڕێوەناچێ و دوورتر دەکەوێتە\وە.

سەرچاوەکە جەختی کردەوە کە سێ گرفتی گەورە لەسەر ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا هەن، کە بریتین لە دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داوای 27 ملیۆن دۆلار دەکات، حکومەتی ناوەندی پێیوایە کە دەبێ ئەو بودجەیە لە 17%ی هەرێم دابین بکرێ، بەڵام بەرپرسانی هەرێم پێیانوایە کە ئەمە لە ئەستۆی بەغداد دایە، لەلایەکیشەوە وەک زانراوە کە بەغداد ئامادەیی خۆی دەربڕیوە تا 9 ملیۆن دۆلار لە بودجەی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەش بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکات. گرفتی دووەم بەشداری کردن و نەکردنی کوردانی هەندەرانە، هەرچی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە پێیوایە کە دەبێ کوردانی هەندەرانیش مافی دەنگدانیان هەبێ، بەڵام کۆمیسیۆنی باڵا پێیوایە کاتی کەمی لەبەردەم دایەو ناتوانێ ئامادەکاری پێویست بکات، راستیەکەی گرفت بەتەنیا کوردانی هەندەران نیە، بەڵکو ئەو کوردانەش دەگرێتەوە کە فۆرمی خۆراکیان بۆ پارێزگای موسڵ و کەرکوک گواستراوەتەوە و زۆربەشیان ڕێگەیان پێنەدرا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا دەنگ بدەن.

گرفتی سێیەم تایبەتە بە لایەنی کوردستان، چونکە بەهۆی هەبوونی ناکۆکی لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی لیستەکان وا بەباش دەزاندری دوبخری و لەکاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێ، ئەمەش بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر لەبەردەم لایەنەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکەو یەکلایی بوونەوە لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی لیستەکانیان، چونکە هاوپەیمانی کوردستانی پێیابەشە وەکو پێشوو زۆرینەی حزبەکان بە لیستی هاوبەش بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن.

# ڕێز لە شەهیدانی کوردی فەیلی دەگیرێ

کاتژمێر 12.30 تا 17ی ئەمڕۆ یەکشەممە 12ی نیسان لە پێوەند بە 29یەمین ساڵەی بێسەروشوێن کردنی هەزاران لاوای کوردی فەیلی، کۆڕێکی ڕێزگرتن لەو شەهیدانە لە هۆڵی شیستە تریێفی شاری ستۆکهۆڵم بە بەشداری کوردانی فەیلی و هێزە کوردستانی و عێراقیەکان بەڕێوە دەچێ.

یەکێتی دیموکراتی کوردی فەیلی کۆڕەکە ڕێکدەخات و داواشی لە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق کردووە بەشداریان لەگەڵدا بکەن، واش چاوەڕوان دەکرێ کە کوردستانیانی دانیشتوی سوید بەشداری تێدا بکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە 29ی نیسانی 1980 ڕژێمی بەعس بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی ڕەوانەی زیندان کرد، کە تاکو ئێستاش چارەنووسیان دیار نیەو نازاندرێ کە چۆن شەهید کراون و لە کوێ نێژراون.

# پەیام بۆ KNCی ئەمریکای باکوور

**بەڕێز! کاک کرمانج گوندی، سەرۆکی KNC لە ئەمریکای باکور**
**بەڕێزان! بەشداربوونی کۆنفرانس**
**سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوون..**

لەپێوەند بە بەڕێوەچوونی بیست و یەکەمین کۆنفرانسی KNC بەختەوەرم بە ناوی خۆم و لە جیاتی هەڤاڵانم لە سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستاندا گەرمترین و جوانترین سڵاوو پیرۆزباییتان لێبکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بخوازم.

بەڕێزان! KNC لە ماوەی تەمەنی خۆیدا شێلگیرانە بۆ ناساندنی دۆزی نیشتمانی داگیرو دابەشکراومان و لە پێناو مسۆگەرکردنی مافی رزگاری و سەربەخۆیی بۆ کوردستان تێکۆشاوەو توانیویەتی دەنگی نەتەوەی کورد بە ناوەندەکانی وڵاتان بگەیەنێ و دۆست و ئاشنا بۆ نەتەوەکەمان پەیدا بکات، ئێستاش کە کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی لە رەوشێکی ئاوارتەدان، وا دەخوازێ کە ئێوەی بەڕێز خەباتی خۆتان چڕتر بکەنەوە، پشتیوانی لە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان و دەستکەوتەکان و هەوڵی دیموکراتیزەکردنی باشووری کوردستان بکەن.

لەکۆتاییدا سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە، هیوای سەرکەوتنی کارەکانی کۆنفرانسەکەتان بە ئاوات دەخوازین.

لەگەڵ ڕێزماندا

**ڕێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
2009-3-26

# کوردێک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە مسۆگەر دەکا

تاڵیب محەمەد حەسەن پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە هەڵبژێردرا.

دوای کشانەوەی 12 ئەندام کە نوێنەری لیستی حیوارو لیستی عیراقیەو لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساو لیستی ئیسلاح بوون. پاڵێوراوی نوێ 17 دەنگی هێنا کە کۆی دەنگە ماوەکان بوون‌و لیستی بەرەوی تەوافوق‌و لیستی هاوپەیمانێتی کوردستان‌و لیستی کۆمەڵەی نیشتمانی دیالە بوون.

ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لە 29 ئەندام پێکهاتووە، نۆیان بەرەی بۆ بەرەی تەوافوق‌و شەش ئەندام بۆ هەر یەکە لە کوتلەی حیوارو هاوپەیمانێتی کوردستان، هەروەها سێ ئەندامی لیستی عێراقییەو دوانیش لە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساو دوانیش لە کۆمەڵەی نیشتمانی دیالەو یەک ئەندامیش لە رەوتی ئیسلاحی نیشتمانیە.

جێگەی ئاماژەیە کە پارێزگای دیالە یەکێکە لەو پارێزگایانەی کە کێشەی لەسەرە، لە هەڵبژاردنی پێشوودا لیستی هاوپەیمانی زۆرینەی کوردسیەکانی بەدەست هێنا، بەڵام ئەمجارەیان بەهۆی بەشداری کردنی سوننەکانەوە لیستی هاوپەیمانی کوردستان تەنیا شەش کورسی بەدەست هێنا، کە یەک ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی دەنگەکانی مسۆگەر کرد، سێ ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەک ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی و یەک ئەندامی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەنگی پێویستیان هێنا.

# ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کورد پێشکەش بە ئۆباما دەکرێ

هێنری بارکی، راپۆرتێکی سەبارەت بە ڕەوشی کورد وەکو کۆمەڵە پێشنیازێک پێشکەش بە ئیدارەکەی سەرۆک (باراک ئۆباما) دەکات.

بەگوێرەی ماڵپەڕی سبەی، راپۆرتەکە کۆمەڵێک پێشنیازی سیاسی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئیدارەکەی (ئۆباما) بەرچاویان رون بێت لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی کورد لە عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا.

هێنری لە ساڵی (1995)ەوە بەم راپۆرتەوە سەرقاڵە کە تایبەتە بە (Endowment Carnegie) بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی ئامادەی کردوە.

راپۆرتەکە جەخت لەسەر دو بیرۆکەی سەرەکی دەکاتەوە: یەکەم، باسکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە لایەن سەرۆک (ئۆباما)وە، کە ڕەنگە بە قوربانیدان بە دۆسییەی کوردەکان کۆتای بێت و ئەمەش ئەگەری شکستی ئەمریکا لەناوچەکە دێنێتە کایەوە. دوهەمیش، بریتییە لەوەی کە جەنگی ئەمریکا لە عێراق، نەتەوەی کورد و هەستی نەتەوایەتی بۆ پێشەوە برد لە هەر چوار پارچەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران. هاوکات (بارکی) مەسەلەی (پەکەکە)شی وروژاندوەو پێیوایە شتێکی عەقلانی نییە گەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێی وابێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە توانایدایە پەلامارەکانی پەکەکە بۆ سەر تورکیا بنبڕ بکات، چونکە چەند کۆمەڵێکی کەم هەڵدەستن بەو کردەوانە و مۆڵگەیەکی دیاریکراویان لە نێو هەرێمی کوردستاندا نیە، ئەمەش بە لەشکرکێشی کۆتا نابێ.

# پەیام بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

**بەڕێز! کاک جەواد مەلا، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان**
**بەڕێز! کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی 6**
**هێژایان! ئەندامانی شەشەمین کۆنگرەی KNC**

**سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوون.**

سوپاستان دەکەین کە بۆ شەشەمین کۆنگرەی KNC بانگهێشتتان کردووین، شادمان دەبووین ئەگەر دەرفەت هەبوایەو بەشداریمان بکردبایە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم پەیامەوە بەناوی خۆمان و تێکڕای ئەندامانی حزبمانەوە، حزبی رزگاریی کوردستان پیرۆزباییتان لێدەکەین و سەرکەوتنی کارەکانی شەشەمین کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین، دڵنیایین کە بەشداربووانی کۆنگرە بە هۆشیارییەوە لێکدانەوەو شرۆڤەی بابەتیانەی ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکەو جیهان دەکەن، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو رامان ئاڵوگۆر دەکەن.

سەرکەوێ کارەکانی شەشەمین کۆنگرەیKNC

سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیاردا

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
3009-4-3

# چاک بە هاوکاری سیاسەتمەدارانی وڵاتی سوید یادی ئەنفالکراوان و قوربانیانی کۆمەڵکوژیەکان دەکاتەوە

بڕیار وایە کۆمیتەی سویدی کوردۆساید (**چاک**) بەهاوبەشی لەگەڵ پۆلێک ڕۆژنامەنوس، هونەرمەند، کەسایەتی سیاسی، ئەندام پەرلەمانی ئەوروپی و سوێدی کاتژمێر 12 تا 16ی رۆژی 18ی نیسان، لە هۆڵی **ئا بێ ئێفی** شاری ستۆکهۆڵم، یادی بە شێک لەتاوانە کۆمەڵکوژیەکانی کورد بکاتەوە.

بەگوێرەی بەیاننامەی کۆمیتەی سوێدی ناوەندی چاک، کۆڕەکە بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێ

سەرەتا پانێلێک بۆ 3 چالاکوان، **هێلینا سڤانتسۆن** یەکێک لەو ئافرەتە تێکۆشەرە جولەکانەیە کەماوەی 55 ساڵە خەبات بۆ ناساندنی کۆمەلکوژی نەتەوەکەی لە وڵاتی سوێد دەکات و 16 ساڵیشە 60 مناڵی ئەنفالی کورد گرتۆتە ئەستۆ، یەکێک لە شاهید حاڵەکانی تاوانی هەڵەبجە و **موراد ئارتین**، تێکۆشەری ئەرمەن و دۆستی 21 ساڵەی بەردەوامی گەلی کورد بۆ ناساندنی کۆمەلکوژیەکانی کورد بە وڵاتی سوێد و جیهان دەست پێدەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو شایەحاڵە لە ڕۆژانی سەرەتای تاوانەکە بە کامیرەکەی خۆی دەیان وێنەی گرتوە.

دوای ئەم پانێلە کۆمیتەی سویدی چاودێری کوردۆساید (**چاک**) وەک ڕێز گرتن لە پۆلێک لە خەباتکارانی ناساندنی تاوانە کۆمە\لکوژیەکانی کورد لەوڵاتی سوێد دیاریەکی ڕەمزی پێشکەش بەو بەڕێزانە دەکات:

**لارش ئۆهلێ**، سەرۆکی پارتی چەپ و کەسایەتی سوێدی، **ئولە هۆفمان**، ئەندامی پێشوی پەرلەمان و بەرپرسی دۆسیەی کوردی لەپارتی چەپ و **یۆستە ئاکمان**، ئەکتەری ناسراوی کۆمیدی سوێدی و **بۆدیل سیبلۆس**، ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی بە شی ئەنتەرناسیۆنالی پارتی ژینگەی سوێد، **یاکوب یۆنسۆن** ، ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی دۆسیەی کورد لەپارتی چەپی سوێدی، **ئانیا یۆهانسۆن**، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپی و سوێدی لە پارتی سەنتەری سویدی، H.C **هەرمانسۆن**، سەرۆکی پێشوی پارتی چەپی سوید، **هێلینا سڤانتنسۆن**، خەباتکاری دژ بە کۆمەلکوژی، **ستێڤان پێرتن**، ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی سویدی، **موراد ئارتین**، ئەندامی پەرلەمانی پێشوو.

دواتر پارچە میۆزیکێک لەلایەن هونەرمەند **دانا ساز** و کورتە فلیمێک لەسەر تاوانە کومەڵکوژیەکانی کورد نمایش دەکرێ. هەروەها بۆ ڕێزگرتنی ئەم پۆلە خەباتکار و دۆستەی گەلەکەمان لەلایەن بنەماڵەی قوربانیانیەکان و ئەو کەسایەتیە کوردانەوە دەبێت کە خەبات بۆ ناساندنی تاوانە کۆمەلکوژیەکانی کورد دەکەن.